کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد لە بەهەشتدا، وازی لێی هێنا بە پێی ویستی خۆی، ئیبلیس بە دەوریدا سووڕی دەخوارد وسەیری دەکرد، وکاتێک بینی ناوی بۆشە؛ زانی کە دروستکراوێکی لاوازە

لە ئەنەسەی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد لە بەهەشتدا، وازی لێی هێنا (بەو شێوەیەی دروستی کرد) بە پێی ویستی خۆی (بۆ ماوەیەک)، ئیبلیس بە دەوریدا سووڕی دەخوارد وسەیری دەکرد، وکاتێک بینی ناوی بۆشە؛ (زانی کە دروستکراوێکی لاوازە*». *(واتە: ناتوانێت وەسوەسە لە خۆی دوور بخاتەوە

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد لە بەهەشتدا، بۆ ماوەیەک بە پێی ویستی خۆی وازی لێی هێنا (بەو شێوەیەی دروستی کرد) وڕۆحی بەبەریدا نەکرد، ئیبلیس بە دەوریدا سووڕی دەخوارد وسەیری دەکرد، بۆئەوەی بزانێت ئەم شتە چییە، وکاتێک بینی ناوی بۆشە، وبۆشایی هەیە لە ناو لاشەیدا؛ زانی کە دروستکراوێکی لاوازە وناتوانێت وەسوەسە لە خۆی دوور بخاتەوە، یان زانی لە شوێنە بۆشەکانی ناو لاشەیەوە پاڵنەری تاوان وگوناهی بۆ دێت؛ چونکە گوناهی کرد کاتێک لە دارەکەی خوارد، یان زانی کە دروستکراوی ناو بۆش لاوازە. هەندێک پێیان وایە دەستەواژەی: (لە بەهەشتدا) ڕوون نییە؛ چونکە خوای گەورە ئادەمی دروستکردووە لە خاکەکانی سەر زەوی، وبەم شێوەیە وەڵامدەدرێتەوە: خودا ئادەمی لە خاکەکانی سەر زەوی دروستکرد هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە: (إن الله خلق آدم من قبضة قبضها من جميع الأرض) [رواه أبو داود] واتە: (خوای گەورە ئادەمی دروستکرد -لە خاکی- سەر زەوی مشتێک لە -خاکی- هەموو شوێنێکی سەر زەوی)؛ لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە نەکراوە کە خوای گەورە ئادەمی لەسەر زەوی دروستکرد، یان ئەگەر بەڵگەی تر هەبێت کە وا لێی تێبگەن کە خودا ئادەمی لەسەر زەوی دروستکردووە ئەوا بەم شێوەیە وەڵامدەدرێتەوە: خودا شێوەکەی دروستکرد هەتاوەکو چەند قۆناغێکی بەسەردا تێپەڕ بوو وشێوەی تەواوی خۆی وەرگرت بۆئەوەی ئامادە بێت ڕۆحی بەبەردا بکرێت، وپاشان بەرز کرایەوە بەرەو بەهەشت وڕۆح کرا بەبەریدا. بەڵام ئەم فەرموودەیە بە ئاشکرا ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە ئادەم لە بەهەشتدا دروستکراوە نەک لەسەر زەوی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6338